# خەڵاتی نوبێلی پار درایە نووسەرێکی ئینگلیز

**(وتاری کازاو ئیشیگورو، کە لە ٢٠١٧/١٢/٧ لە بارەگای ئەکادیمیای سوێدی خوێندییەوە)**

**لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی**
**(سوێد)**

**"خەڵاتی نوبێل"ی ساڵی ٢٠١٧ لە ئەدەبدا بەخشرایە نووسەری ئینگلیز کازاو ئیشیگورو، "کە لە ڕۆماندا بە کاریگەرییەکی هەستیارانەی بەهێز قووڵایی ناو ئەو ماڵە وەهمییەمان لە جیهاندا بۆ دەردەخات"**

**ئێوارەم لەگەڵ فیلمی (سەدەی بیستەم) و ڕچەشکێنی تری بچووکدا**

ئەگەر ئێوە لە پاییزی ساڵی ١٩٧٩ تووشی من بووبوونایە، ڕەنگە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، یان تەنانەت نەتەوەییشەوە کەمێک سەختی هەبووبێ جێم بۆ بکەنەوە. ئەو کات ٢٤ ساڵ بووم، ئەدگارم ژاپۆنیانە بوو، بەڵام جودا لە زۆربەی پیاوە ژاپۆنییەکانی ئەو سەردەم لە بریتانیا دەبینران، من قژم تا سەر شانەکانم درێژ و سمێڵێکی شۆڕی چەتەییانەم هەبوو. ئەو ڕیتمەی لە زمانی مندا جار بە جار وشە و گوتنی شێوەزاراوە کۆنبووەی سەردەمی هیپی هەستی پێ دەکرا، هی ناوچەکانی باشووری ئینگلیزستان بوو. ئەگەر قسەمان لەگەڵ یەکدی بکردایە ڕەنگە لەبارەی فوتبۆڵی هۆڵەندی، یان دوایین ئەلبوومی گۆرانی بۆب دیلان، یان ڕەنگە لەبارەی ئەو ساڵەوە گفتوگۆمان بکردایە کە خۆم بۆ کار لەگەڵ مرۆڤی بێ نەوای لەندەن تەرخان کردبوو. ئەگەر لەبارەی ژاپۆنەوە پرسیارتان لێ بکردبام، ڕەنگە تەنانەت هەستتان بە ئاسەواری بێ ئارامی لای من بکردایە، ئەو ساتە ڕوونم دەکردەوە، کە لەو کاتەوەی لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لەو وڵاتە دەرچووم، پێم پێی نەکەوتووە، تەنانەت بۆ گەشتیش نەچوومەتە ئەوێ، بۆیە هیچ لەبارەی کولتووری ژاپۆنییەوە نازانم.



**کازاو ئیشیگورو**

ئەو پاییزە بە کۆڵەپشتێک، گیتارێک و تایپێکی دەستییەوە گەیشتمە (بوکستۆن لە نۆردفۆلک) - گوندێکی بچووکی ئینگلیزییە، بە ئاشێکی کۆنی بە دەشتودەری پان دەوردراوەوە، چوومە ئەوێ، چونکە لە (زانستگەی ئیست ئەنگلیا) لە کۆرسێکی دکتۆرا لە (نووسینی داهێنەرانە) وەرگیرابووم. زانستگەکە دوازدە کیلۆمەتر و نیو لە (نۆرویچ)ی شاری کاتیدراڵەوە دوور بوو، بەڵام من ئۆتۆمۆبێلم نەبوو و تاکە هۆیەک خۆمی پێ بگەیەنمە ئەوێ، پاسێک بوو ڕۆژێ سێ جار دەڕۆیشت، جارێک بەیانیان و جارێک نیوەڕۆیان و جارێکیش ئێواران، بەڵام زوو بۆم دەرکەوت کە ئەمە هێندە بۆم سەخت نییە. کەم جار پێویست بووە زێتر لە دوو جار لە هەفتەیەکدا لە زانستگە بم، ژوورێکی بچووکم لە خانوویەکدا بە کرێ گرتبوو، هی پیاوێکی سی ساڵە بوو تازە ژنەکەی بە جێی هێشتبوو. بە دڵنیاییەوە بۆ ئەو خانووە کە تژی بوو لە ئاسەواری خەونی لەبارچوو، ڕەنگە هەر ویستبێتی خۆی لە من لابدا؛ بە هەر حاڵ جاری وا هەبوو چەندان ڕۆژ تارماییشیم نەدەبینی. دوای ئەو ژیانە پڕ لە سەرکێشییەی لە لەندەن ژیابووم، ئیتر وا لێرە لەبەردەم ژیانێکی زۆر ئارام و تەنیادام و بۆم دەگونجێ ببم بە نووسەر.

ڕاستییەکەی ژوورەکەم لە ماڵی کلاسیکیی نووسەران جیاوازتر نەبوو، بنمیچەکەی ترسناک خۆی لار کردبووەوە. بەڵام ئەگەر لەسەر پەنجەپێ ڕابوەستابام لە تاکە پەنجەرەکەمەوە دیمەنی کێڵگەی کێڵدراوم هەبوو کە لە دوورەوە هەڵدەکشا. مێزێکی بچووکی تێدا بوو، تایپ و چرای خوێندنەوە نزیکەی تەواو ڕووبەریان داگیر کردبوو. لەبری قەرەوێڵە دۆشەکێکی گەورەی لاکێشەیی ئیسفەنج لەسەر زەوی هەبوو کە شەوان لە خەودا، لە شەوی سارد و سڕی (نوردفۆلک)یشدا عارەقەی پێ دەکردم.

لەم ژوورەدا بوو زۆر بە وردی بەسەر ئەو دوو چیرۆکەدا چوومەوە کە لە هاویندا نووسیبوومن و بیرم لەوە دەکردەوە ئایا هێندە باشن پیشانی هاوکۆرسە تازەکانمیان بدەم. (دەمزانی ئێمە شەش کەس بووین کە دەبوو لە کۆرسەکەدا بەشدار بین و وا دانرابوو دوو هەفتە جارێک یەکدی ببینین.) لەم کاتەی ژیاندا هێندە زۆر پەخشانی ئەدەبیم نەنووسیبوو، بە هۆی شانۆنامەیەکی ڕادیۆییشەوە کە BBC پەسندی نەکردبوو، لە کۆرسەکەدا وەرگیرابووم. لەبەر ئەوەی زووتر پلانی دیارم هەبوو کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا ببم بە ئەستێرەی مۆسیقای ڕۆک، بۆیە ڕاستییەکەی تازە بوو تێگەیشتبووم کە ئارەزوو و پەرۆشیی ئەدەبیم هەیە. ئەو هەردوو چیرۆکەی تازە بە وردی پێیاندا چووبوومەوە بە کەمێک پەشۆکاوییەوە وەک وەڵام بۆ هەواڵی ئەوەی کە لە کۆرسەکەی زانستگەدا وەرگیراوم، نووسرابوون. یەکێکیان باسی پەیمانی خۆکوشتنێکی ترسناکی بە کۆمەڵی دەکرد، ئەوی تریان لە سکۆتلاند باسی شەڕی سەر شەقامی دەکرد، کە من ماوەیەک لەوێ کارمەندی کۆمەڵایەتی بووم. چیرۆکەکان هێندە باش نەبوون. دەستم بە نووسینی چیرۆکێکی تر کرد، لەبارەی گەنجێک کە پشیلەکەی ژەهرخوارد دەکات، چیرۆکێک وەک دووەکەی تر لە سەردەمی بریتانیا ڕوو دەدا، بەڵام ئێوارەیەک لە هەفتەی سێیەم، یان چوارەمدا خۆمم لە ژوورە بچووکەکەدا بینییەوە وا دانیشتووم و بە گوڕ و تینێکی نوێوە لەبارەی ژاپۆنەوە دەنووسم، لەبارەی ئەو شارەی تێیدا لە دایک بووم، لەبارەی ناگازاکی، لە ماوەی دوا ڕۆژەکانی دووەمین جەنگی جیهانیدا.

دەبێ بڵێم ئەمەم تاڕادەیەک لە کتوپڕ بۆ هات. ئەمڕۆ دۆخەکە وایە کە نووسەرێکی گەنجی جددی بە پاشخانی

فەرهەنگیی تێکەڵاوەوە، دەبێ خۆڕسکانە لە"ڕەگەکان"ی کارەکەی بکۆڵێتەوە، بەڵام ئەو دەم هیچ وا نەبوو. هێشتا چەند ساڵێک لەم تەقینەوە "فرەفەرهەنگییەی" لە بریتانیا هاتە ئاراوە دوور بووین. سەلمان ڕوشدی نووسەرێکی نەناسراو بوو کە ڕۆمانێکی نووسیبوو، یەکەم کتێبی دەزگاکە بوو. ئەگەر ئەو سەردەم لە خەڵکت بپرسیبا ناوی باشترین ڕۆماننووسی گەنجی ئینگلیزستان بڵێ، ڕەنگە ناوی مارگرێت درابڵی گوتبا، لە نووسەرە کۆنەکانیش هی ئیریس موردۆخ، کینگسلی ئامیس، ویلیەم گولدینگ، ئەنتۆنی بورگیس، یان ناوی جۆن فولیسی گوتبا. بێگانەی وەک گابریێل گارسیا مارکیز، میلان کۆندێرا، یان بۆرخیس تەنیا چەند ژمارەیەکی کەم دەیانخوێندنەوە و ناوی ئەوان بۆ خوێنەری جددیش نەناسراو بوون.

دۆخی هاودەمی ئەدەبی وا بوو کە لە یەکەم ڕۆمانم لەبارەی ژاپۆنەوە تەواو بووم، ئیتر یەکسەر بیرم لەوە کردەوە کە ئایا ناکرێ ئەم جیاوازییەی من وەک سازشێکی کەسێتیی خۆم سەیر بکریت، ئەگەر وایش هەستم کردبێ کە من ڕەوتێکی گرنگی نوێم دۆزیبێتەوە، ئایا پێویست نییە خێرا بگەڕێمەوە سەر بابەتی "ئاسایی". دوای دوودڵیی گەورە بوو، وێرام ئەوەی نووسیومە پیشان بدەم، کە تا ئەمڕۆیش سوپاسگوزاری هاوڕێیانی کۆرسەکەم و مامۆستاکانم، مالکۆلم برادبۆری و ئەنگێلا کارتەر بم، هەروەها سوپاسگوزاری ڕۆماننووس پاول بەیلی بم - ئەو ساڵە نووسەری میوانی زانکۆ بوو- چونکە ئەوان بە مەبەست هانیان دەدام. ئەگەر ئەوان کەمتر ئەرێنی بووان، ڕەنگە ئیتر قەت لەبارەی ژاپۆنەوەم نەنووسیبا. ئیتر گەڕامەوە ژوورەکەم و نووسیم و هەر نووسیم. هەموو زستانی ساڵی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ و تا ماوەیەکی باشیش لە بەهاردا بێجگە لەو پێنج قوتابییەی کۆرسەکەم و دوکانداری گوند کە خواردنی بەیانیان و گورچیلەی بەرخم لێ دەکڕی و پێیی دەژیام و (لۆرنا)ی خۆشەویستیشم (ئێستا ژنمە) کە دوو هەفتە جارێک دەهاتە لام، نزیکەی قسەم لەگەڵ کەسی دی نەدەکرد. ژیانێکی هارمۆنی نەبوو، بەڵام لە ماوەی ئەو چوار، یان پێنج مانگەدا توانیم نیوەی یەکەم ڕۆمانم (دیمەنی زەردهەڵگەڕاوی گردەکان) تەواو بکەم کە ئەویش لە ناگازاکی ڕوو دەدا لە ساڵانی دروستبوونەوەی

لە دوای بۆمبی ئەتۆمیدا. لە بیرمە لەو سەردەمدا جارجار بە بیرۆکەی چیرۆکی ترەوە سەرقاڵ بووم کە لە ژاپۆن ڕوویان نەدەدا، هەر بۆ ئەوەی ببینم زوو ئارەزووم دادەمرکێتەوە.

ئەم مانگانە بۆ من یەکلاکەرەوە بوون، بە شێوەیەک کە ڕەنگە بەبێ ئەوان قەت نەبووبام بە نووسەر! هەر لەو کاتەوە زۆرجار ئاوڕم لە دواوە داوەتەوە و لە خۆمم پرسیوە، ئەوە چی بوو بەسەرمدا هات؟ ئەو هەموو وزە سەیرە لەکوێوە دەهات؟ دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە من ڕێک لەو کاتەی ژیاندا هاتبوومە ناو قۆناغێکی گرنگی پاراستن. بۆ ئەوەی ئەمە ڕوون ببێتەوە، دەبێ کەمێک بۆ دواوە بگەڕێمەوە.

لە نیسانی ١٩٦٠ لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لەگەڵ دایک و باوکم و خوشکەکانمدا هاتمە ئینگلیزستان و لە شاری (گویلدفۆرد لە هەرێمی سووری) لە گەڕەکێکی ڤێللای خۆشگوزەران، نزیکەی پەنجا کیلۆمەتر لە باشووری لەندەن نیشتەجێ بووین. باوکم توێژەر و زەریاناس بوو و دەیویست بۆ حکوومەتی بریتانی کار بکات. هەر بەڕاست ئەو ئامێرەی ئەو دۆزییەوە، وا ئەمڕۆ بەشێکە لە پیشانگەی هەمیشەیی لە موزەخانەی زانستی لە لەندەن.

ئەو وێنە فۆتۆگرافیانەی کە ماوەیەکی کەم دوای گەیشتنمان گیران، ئینگلیزستانی سەردەمێکی بەسەرچوو پیشان دەدن. پیاوەکان بلووزی ئێخەکراوەیان پۆشی بوو و بۆینباغیان بەستبوو، هێشتا ئۆتۆمۆبێلەکان پایە و تایەی سپێریان لە دواوە هەبوو. بیتڵس، شۆڕشی سێکسی، ڕاپەڕینی قوتابیان، "فرەکولتووریزم" هەر زۆر نزیک بوون، بەڵام سەختە بڕوا بکەیت ئەو ئینگلیزستانەی کە سەرەتا خێزانی ئێمە تووشی بوو، مەزەندەی ئەوەی کردبێ. زۆر سەیر بوو تووشی بێگانەیەکی خەڵکی فڕەنسا، یان ئیتاڵیا ببیت، ئەوە باسی کەسێکی خەڵکی ژاپۆن هەر مەکە.

خێزانەکەمان لە کۆڵانێکی بنبەستی بە دوازدە خانووەوە، ڕێک لەو شوێنەی کۆڵانە قیرتاوکراوەکان کۆتاییان دەهات و دەشتودەر دەستی پێ دەکرد، دەژیا. ماڵە جووتیاری ناوچەکە کەمتر لە پێنج خولەک بە پیاسەکردن بەسەر ئەو ڕێگەیەی نێوان کێڵگەکان کە چێڵەکان بە هەنگاوی قورسەوە بەسەریدا دەهاتن و

دەچوون، لێمانەوە دوور بوو. شیر بە ئەسپ و عەرەبانە دەهێنرا. دیمەنێکی باوی کاتی سەرەتام لە ئینگلیزستان کە ئێستایش لە زەینمدایە، ژووشکەکان بوون! ئەو بوونەوەرە قشتە، دڕکاوییە شەوانەییەی کە ئەو سەردەم لە وڵاتدا زۆر هەبوون و شەوان دەکەوتنە ژێر ئۆتۆمۆبێلەوە و تارۆژی دوایی دەمانەوە، بە ڕێکوپێکی لە قەراغی ڕێگە دادەنران تا ئەو کاتەی کرێکاری پاککردنەوە کۆی دەکردنەوە.

هەموو هاوسێکانمان دەچوونە کڵێسا و کاتێک لەگەڵ منداڵەکانی ئەواندا یاریم دەکرد، تێبینی ئەوەم کرد بەر لە نانخواردن، نزایەکی کورتیان دەخوێندەوە. من دەچوومە قوتابخانەی یەکشەممان [قوتابخانەی کڵێسایە، تێیدا ڕۆژانی یەکشەممە ئینجیل دەخوێنرێ] و هێندەی نەبرد لە کۆڕی کڵێسا گۆرانیم دەگوت و لە تەمەنی دە ساڵیشدا یەکەم ژاپۆنی بووم لە تیپی کوڕانی گۆرانی و وەک چاودێری کۆڕەکەیش لە گویلدفۆرد بینرابێت. لە قوتابخانەی ناوچەکە دەمخوێند - لەوێ من تاکە منداڵ بووم کە ئینگلیز نەبێ، ڕەنگە هەر لە مێژووی قوتابخانەکەیش یەکەم کەس بووبم- و لە تەمەنی یازە ساڵیشەوە بە شەمەندەفەر دەچووم بۆ قوتابخانە لە شارێکی نزیک و هەموو بەیانییەک لەناو واگۆنی بە ڕیزی زۆری پیاوی بە چاکەت و پانتۆنی خەتخەتی سپی و شەپقەوە بووم، کە بۆ دائیرەکانیان بەرەو لەندەن دەچوون.

ئەودەم لەبارەی ئەوەی چی لە کوڕێکی ئینگلیزی چینی ناوەند لەو سەردەمدا چاوەڕوان دەکرا، من باش پەروەردە کرابووم، کە لە ماڵ لای هاوڕێیەک دەبووم، دەمزانی هەر لە کاتی هاتنەژوورەوەی کەسێکی بە تەمەن دەبێ هەستمەوە سەر پێ. فێر بووم دەبێ دوای نانخواردن داوای ڕوخسەت بکەم کە لەسەر مێز هەڵدەستم. وەک تاکە کوڕی بێگانەی هاوسێکان جۆرێک ناو و ناوبانگم لە گەڕەک هەبوو، منداڵی تر دەیانزانی من کێم بەر لەوەی ئەوانم هەر بینیبێتیش. هەندێ جار خەڵکی نەناسراو لەسەر شەقام، یان لە دوکانان بە ناوی خۆمەوە قسەیان لەگەڵ دەکردم.

کاتێک ئاوڕ لەو سەردەمە دەدەمەوە و دێتەوە بیرم کە کەمتر لە بیست ساڵ لە دوای جەنگێکی جیهانیدا بووە، کە تێیدا ژاپۆنییەکان دوژمنێکی سەرسەختی وڵاتەکە بوون، سەرسام دەبم بەو کراوەیی و سەخاوەتییەی بەرانبەر بە ماڵباتەکەمان لەم کۆمەڵگە ئینگلیزییە ئاساییەدا هەبوو. ئەو دڵسۆزی، ڕێز و خۆشەویستییەی ئەمڕۆیش بەرانبەر بە نەوەیەکی بریتانیایی هەستیان پێ دەکەم، ئەو نەوەیەی کە لەناو دووەمین جەنگی جیهانیدا بوون و ئەنجامی کاریگەریی ئەوان وڵاتێکی نوێی خۆشگوزەرانی زۆر ڕێکیان دروست کرد، ئەمە بۆ ئەزموونی کەسێتی خۆم لە ماوەی ئەم هەموو ساڵانەدا دەگەڕێتەوە.

بەڵام هەموو ئەو کاتانە لە ماڵ لای دایک و باوکە ژاپۆنییەکەم ژیانێکی تر دەژیام. لە ماڵ قانوونی تر، چاوەڕوانی تر و زمانێکی تر هەبوون. لە بنەڕەتدا دایک و باوکم دەیانویست دوای ساڵێک، یان دوو ساڵ بگەڕێنەوە ژاپۆن. ڕاستییەکەی لە ماوەی یازدە ساڵی سەرەتاماندا لە ئینگلیزستان، هەمیشە پلانی ئەوەمان هەبوو "ساڵی داهاتوو" بگەڕێینەوە. لە ئەنجامی ئەوەدا دیدی دایک و باوکم بە هی گەشتیارێک مایەوە نەک هی کۆچکردەیەک. زۆرجاران باسی خوو و نەریتی سەیری خەڵکی ئەوێیان بۆ یەکدی دەکرد بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن خۆیان لەگەڵیان بگونجێنن. ماوەیەکی زۆریش مەرج ئەوە بوو کە من بگەڕێمەوە و بە گەورەیی لە ژاپۆن بژیم، هەوڵیشیان دا خوێندنی ژاپۆنیم بە هێز بکەن. هەموو مانگێک کارتۆنێک لە ژاپۆنەوە دەهات، گۆڤاری وێنەیی، گۆڤار و بڵاوکراوەی فێرکاری تێدا بوو، کە من بە پەرۆشەوە دەمخوێندنەوە. ئەم کارتۆنانە لە تەمەنی هەرزەکاریمەوە نەهاتن - ڕەنگە دوای مردنی باپیرەم بووبێت- بەڵام چیرۆکی دایک و باوکم لەبارەی هاوڕێ دێرینەکانیان و خزم و سەرهاتی ژیانیان لە ژاپۆن، هەموویان یارمەتیدەربوون وێنە و کاریگەرییەکان بمێننەوە. بێجگە لەوەیش من هەمیشە کۆمەڵێک یادەوەریی خۆمم هەبوو، سەیر بوو زۆر یادەوەریی ڕوونی دایک و باوکی هەردووکیانم هەبوو، یادەوەریی یارییە خۆشەویستەکانم کە بە جێیم هێشتن، هی ئەو خانووە نەریتییە ژاپۆنییەی تێیدا دەژیاین (کە تا ئەمڕۆیش دەتوانم وێنەی ژووربەژووری بکێشم)، هی باخچەی ساوایانم، هی وێستگەی شەمەندەفەر، هی ئەو سەگە دڕەی لای پردەکە دەژیا، هی ئەو سەرتاشخانەیەی بەرانبەر ئاوێنە گەورەکە کورسییەکی بە سووکانی هەبوو،

که تایبەت بوو بۆ کوڕی بچووک.

ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی هەر بیرم لەوە کردبێتەوە بە پەخشان جیهانی ئەدەبی دروست بکەم، ئەمە یارمەتیدەر بوو کە لە ماوەی گەورەبوونمدا هەمیشە لە خەیاڵمدا شوێنێکی زۆر پڕ لە وردەکاری دروست بکەم، کە پێی دەڵێن "ژاپۆن" شوێنێک تا ڕادەیەک هی ئەوێ بووم و لەوێوە هەندێک لە شوناسی خۆم و باوەڕبەخۆبوونم دەهێنا. ئەو ڕاستییەی کە من لەم ماوەیەدا قەت بە جەستە نەگەڕابوومەوە ژاپۆن، دیدی منی لەبارەی وڵاتەکەوە زیندووتر و تایبەت بە خۆمی کردبوو.

ئیتر لێرەوە پێویستی پاراستن و هاتنەوەبیر هات، چونکە لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا لە هەندێ فاکتی بنەڕەتی تێگەیشتم، ئەگەرچی ئەو کات قەت ئەوەم بە ڕوونی دەرنەبڕی، ئیتر بەوە ڕازی بووم کە ڕاستییەکەی ڕەنگە "ژاپۆن"ی من بە هیچ شوێنێکی تر نەچێ کە بتوانم بە فڕۆکە بیگەمێ، کە بەم شێوەیە بژیم کە دایک و باوکم دەیانگوت و منیش هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە بیرم بوو، بە شێوەیەکی گشتی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ - ١٩٧٠ نەما و بە هەر حاڵ ئەو ژاپۆنەی لەناو سەرمدا بوو، هەمیشە بنیادێکی هەستی بوو، منداڵێک دروستی کردبوو و لە وێنەی یادەوەری، وێنەی خەیاڵ و مەزەندە داهێنرابوو. ڕەنگە ئەوەی لە هەمووان گرنگتر بوو، ئەوە بێ کە لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا تێگەیشتم کە ئەم ژاپۆنەی من - ئەم شوێنە بە بەهایەی من لەگەڵیدا گەورە بووم- هەر ساڵێک کە ڕەت دەبوو زێتر کاڵ دەبووەوە.

ئەو هەستەی کە ژاپۆنی "من" تاکانە و هاوکاتیش یەکجار زۆر ناسک بوو - شتێک بوو کە نەدەکرا لە دەرەوە بسەلمێنرێ- بە دڵنیاییەوە ئەو هەستە بوو هانی دام لەناو ئەم ژوورە بچووکەی (نۆردفۆلک)دا کار بکەم. ئەوەی کردم ئەوە بوو ئەو ڕەنگە تایبەتەی ئەم جیهانە، نەریتەکان و ڕێساکانی هەڵسوکەوتی بنووسمەوە و وەسفی شانازییەکان و کەموکوڕییەکانی بکەم و هەر شتێکیش پێشتر بیرم لێی کردبێتەوە و بەرلەوەی بۆ هەتایە لە خەیاڵمدا کاڵ ببنەوە. دەمویست ژاپۆنی خۆم لە وەهمدا دروست بکەمەوە، کە مسۆگەری بکەم، بۆ ئەوەی پاشان بتوانم دەست لەسەر کتێبێک دابنێم و بڵێم: "بەڵێ، لێرەیە ژاپۆنی من، لەناو ئەمەدا هەیە."

* * *

دوای سێ ساڵ و نیو، بەهاری ١٩٨٣، من و لۆرنا لە لەندەن بووین و لە نهۆمی سەرەوەی باڵاخانەیەکی بەرز و باریکدا کە کەوتبووە سەر گردێکی یەکێک لە گەڕەکە بەرزەکانی شار، لە خانوویەکی دوو ژووری دەژیاین. بورجێکی تەلەڤزیۆن لە نزیکی هەبوو و کاتێک هەوڵمان دەدا بە گرامۆفۆنەکانمان گوێ لە قەوانەکانمان بگرین، جارجارە دەنگی جنۆکەیی ڕادیۆ، بڵندگۆکانی داگیر دەکرد. لە ژووری دانیشتن نە قەنەفە هەبوو، نە مۆبلی یەک نەفەری، تەنیا دوو دۆشەک لەسەر زەوی هەبوو، بە سەرین داپۆشرابوون. مێزێکی گەورەیش هەبوو کە من بە ڕۆژ وەک مێزی نووسین بە کارم دەهێنا و ئێوارانیش نانمان لەسەری دەخوارد، لوکس نەبوو، بەڵام لەوێ ئاسوودە بووین. ساڵی پێشوو یەکەم ڕۆمانم بڵاو کردبووەوە، سیناریۆی فیلمێکی کورتیشم نووسیبوو، کە بەم زووانە لە تەلەڤزیۆنی بریتانی پەخش دەکرا.

ماوەیەک بۆم هەبوو شانازیی بە یەکەم ڕۆمانمەوە بکەم، بەڵام ئەو بەهارە هەستێکی ئازاربەخشی دڵتەنگیم بۆ هات، کێشەکە ئەمە بوو. یەکەم ڕۆمان و یەکەم سیناریۆی تەلەڤزیۆنیم زۆر لە یەکدی دەچوون، لە بابەت نا، بەڵام لە شێواز و شێوەی دەربڕیندا. تا زێتر بە ڕۆمانەکەدا دەچوومەوە، زێتر لە سیناریۆی تەلەڤزیۆنی دەچوو - هەم لە دیالۆگ و هەم لە ڕەوتی ڕووداودا، تا ئاستێک بێ مانا بوو، بەڵام خواستی من ئەوە بوو پەخشان بنووسم کە (تەنیا لەناو پەڕی کتێبدا ئەرکی هەبێ). بۆ ڕۆمان بنووسم کە تەنیا نزیکەی هەمان هەست بگەیەنێ کە کاتێک تەلەڤزیۆن دادەگیرسێنیت؟ چۆن ئەدەبی نووسراو دەرفەتی دەبێ خۆی بە هێزی فیلم و تەلەڤزیۆن بپێوێ، ئەگەر نەتوانێ شتێکی تاکانە ببەخشێت، شتێک کە شێوازی تری دەربڕین نەتوانن بیگەیەنن؟

نزیکەی لەو سەردەمەدا تووشی ڤایرۆسێک هاتم و چەند ڕۆژێک لەناو جێگەدا کەوتم، کە کەمێک چاک بوومەوە و پێویست نەبوو بەردەوام بنووم، بینیم ئەو شتە گرانەی لەسەر قەرەوێڵە لەناو چەرچەف و لێفەدا بوو و ماوەیەک بوو بێزاری کردبووم، ڕاستییەکەی بەشی

یەکەمی ڕۆمانی (بیرهێنانەوەی شتەکانی جاران)ی مارسێل پروست بوو. لەویٚ کەوتبووە و دەستم بە خوێندنەوەی کرد. ڕەنگە دۆخی تاگرتوویم هێشتا کاریگەریی هەبوویێ، بەڵام سەرەتاکەی و ئەو بەشەی لەبارەی کۆمبرای یەوەیە تەواو قووتیان دام، جار لەدوای جار خوێندمنەوە. بێجگە لەوەی گەلێک جوان بوو، تەواویش بەوە گەشامەوە کە چۆن پروست وای کردووە ڕووداوێک بچێتە ناو یەکێکی ترەوە. ڕووداو و دیمەنەکان وەک کە باوە ڕێکخستنی کرۆنۆلۆژی، یان ڕووداوی هێڵی ڕاستیان پێڕەو نەدەکرد. لەبریدا بە یەکەوە بەستنەوەی نامۆکان، یان ناهاوسەنگی یادەوەری بەسەرهاتەکەیان لە ڕووداوێکەوە دەبردە سەر ئەوی تر، هەندێ جار بیرم دەکردەوە، بۆ لە خەیاڵی نووسەردا دوو کاتی لە یەکدی جودا و دیاردا لە تەنیشت یەکدییەوە دانراون؟ لەناکاو توانیم شێوازێکی ئازاد و خۆشتر ببینم کە ڕۆمانی دووەمی پێ بنووسم، میتودێک دەیتوانی زۆر رووپەڕی کتێب بگرێتەوە و لە هەمان کاتیشدا ڕەوتی ناوەوە وێنا بکاتەوە کە مەحاڵ بوو لەسەر ڕووی شاشەی سینەما بەرجەستە بکرێ. ئەگەر بتوانم بەپێی خەیاڵەکانی نووسەر و وێنەی جووڵاوی یادەوەری لە ڕووداوێکەوە بۆ یەکێکی تر بڕۆم، ئیتر دەتوانم نزیکەی وەک شێوەکارێکی ئەبستراکت کە فۆرم و ڕەنگ لەسەر قوماش دادەنێ، ئەوە دەتوانم دیمەنێکی دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە تەنیشت یەکێکی بیست ساڵ لەمەوبەر دابنێم و داوا لە خوێنەر بکەم بیر لە پێوەندی نێوان ئەم دووانە بکەنەوە. بەم شێوەیە دەتوانم ئاماژە بە توێژی زۆری وەهم و نکوڵیکردن بکەم، کە لە بینینی خود و ڕابووردوودا بەرچاوی هەر مرۆڤێکی گرتووە.

* * *

بەهاری ساڵی ١٩٨٨ سی و سێ ساڵ بووم. قەنەفەیەکمان هەبوو و لەسەری پاڵ دەکەوتم و گوێم لە ئەلبومێکی گۆرانی (تۆم وایتس) دەگرت. ساڵی پێشوو من و (لۆرنا) لە باشووری لەندەن لە گەڕەکێکی زۆر مودێرن نا، بەڵام خۆش، خانووی خۆمانمان کڕیبوو، یەکەم جاریش بوو لەم خانووەدا ژوورێکی کارکردنم بۆ خۆم هەبێ. ژوورێکی بچووکی بێ دەرگە بوو، بەڵام بەوە ئاسوودە بووم کە بتوانم کاغەزەکانم پەرشوبڵاو بکەم و پێویست نەکات لە کۆتایی ڕۆژدا هەڵیانبگرمەوە. هەر لەم ژوورەی کارکردنیشدا تازە ڕۆمانی سێیەمم تەواو کردبوو - بە هەر حاڵ وام دەزانی تەواوم کردووە. یەکەمیانم بوو، کە ڕووداوەکانی لە ژاپۆن نەبن - ژاپۆنی منیش بەوەی کە ئەو دوو ڕۆمانەی پێشووم نووسیبوون، کەمتر ناسک بووبوو. ڕاستییەکەی کتێبە نوێیەکەم کە ناوی (پاشماوەکانی ڕۆژ)ی لێ نرا، بە ڕووکەش ئەدای زۆر ئینگلیزی دیار بوو - ئەگەرچی لەگەڵ ئەو شێوازە نەدەگونجا کە زۆر نووسەری نەوەی کۆنی ئینگلیز پێیانەوە دەیاننووسی کە هیوادار بووم وا بوو بێت، وەک کە زۆر لە ئەوان وایان دەکرد، من نەمدەویست وای دابنێم کە هەموو خوێنەرەکانم ئینگلیز بن، بە زانیاری خۆڕسک لەبارەی جیاوازییەکانی زمانی ئینگلیزی و ئارەزووەوە. ئەودەم نووسەری وەک سەلمان ڕوشدی و ڤ.س نایپاول ڕێگەیان بۆ ئەدەبێکی بریتانی نێونەتەوەیی و ڕوو لە دوور خۆش کرد، کە خوازیاری ئەوە نەبوون بریتانیا لە ناوەند بێت، یان ئۆتۆماتیکی گرنگ بێت، نووسەرایەتی ئەوان لە باشترین باردا پۆستکۆلۆنیال بوون. منیش دەمویست وەک ئەوان ڕۆمانی خەیاڵی "نێونەتەوەیی" بنووسم کە بتوانێ بە ئاسانی سنوورەکانی فەرهەنگی و زمانەوانی ببڕێت، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە وا دیار دەکەوتن جیهانێکی تایبەتی ئینگلیزین. دەمویست شێوەی گێڕانەوەی من لەسەر ئینگلیزستان پڕ لە ڕاز بێ کە لە زووەوە تارماییەکانی لە دنیابینی هەموو مرۆڤێک لە جیهاندا هەبوون، لای ئەوانەیش کە سەردانی وڵاتەکەیان نەکردبوو، زیندوو بوون.

ئەو چیرۆکەی تازە لێی تەواو بووبووم باسی خوڵامێکی ئینگلیزی دەکرد، کە زۆر درەنگ لە ژیاندا تێدەگا بە باوەڕی هەڵەوە ژیاوە، کە باشترین ساڵەکانی تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی کەسێکی لایەنگری نازی تەرخان کردووە، بە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و سیاسی، ژیانی خۆی لە شتێکی بە مانا و گرنگتر خەرج بکا، هەر ئەمەیش نا: ئەو لە تامەزرۆیی ئەوەی ببێ بە خوڵامێکی نموونەیی، خۆی قەدەغە کردووە ئەڤینداری بکا، یان وا بکا ئەو تاکە ژنەی ئەو بە لایەوە گرنگ بوو عاشقی ببێ.

چەند جارێک دەستنووسەکەم خوێندبووەوە و زۆر لێی ڕازی بووم. لەگەڵ ئەوەیشدا هەستێکی ئازاربەخشم

هەبوو، کە کەموکوڕییەک هەیە.

وەک کە گوتم ئێوارەیەک لە خانووەکەماندا لەسەر قەنەفە پاڵکەوتبووم و گوێم لە تۆم وایتس دەگرت. تۆم وایتس گۆرانییەکی چڕی کە ناوی (باسکەکانی ڕۆبی) بوو. ڕەنگە هەندێک لە ئێوە گۆرانییەکە بناسنەوە (بیرم لەوە کردەوە لێرە گۆرانییەکەتان بۆ بڵێم، بەڵام پاشان بیروڕام گۆڕی). بەستەیەکە لەبارەی پیاوێکەوە، ڕەنگە سەربازێک بێت، کە خۆشەویستەکەی بە نووستوویی لەسەر قەرەوێڵە بەجێ دەهێڵێ. بوولێڵی بەیانییە، بە ڕێگە و ڕێچکاندا دەڕوا و سواری شەمەندەفەرێک دەبێ، ئەمە هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نییە، بەڵام گۆرانییەکە بە شێوازی دەنگی گەڕیدەیەکی ڕووگرژی ئەمریکی دەگوترێ، کە تەواو نەشارەزایە هەستی قووڵ پیشان بدا. لە ناوەڕاستی گۆرانییەکەشدا چرکەساتێک دێ کە گۆرانیبێژەکە باسی ئەوە دەکا کە دڵی شکاوە، چرکەساتەکە یەکجار زۆر هەژێنەرە، ئەمەیش لەبەر خرۆشانی نێوان هەستی خۆی و ئەو ئاستەنگە زۆرەیە کە بە ئاشکرا بەسەریدا سەرکەوتووە بۆ ئەوەی بتوانێ پیشانی بدا. تۆم وایتس بە شێوازێکی غەمگینی ڕوح پاککەرەوە دەچڕێ و مرۆڤ مەزەندە دەکا چۆن هەموو ژیانی کوڕێکی سەرکێشی خۆڕاگر بەرانبەر بەم غەمە گەورەیە هەرەس بهێنێ.

هاوکات کە گوێم لە تۆم وایتس دەگرت، تێگەیشتم دەبێ چی بکەم. جارێکیان هەر لەخۆڕا بڕیارم دا کە خولامە ئینگلیزەکەم لەپێناو خۆی و خوێنەریشدا بەرگری هەستیی خۆی بهێڵێتەوە، کە بتوانێ خۆی لە پەنایدا بشارێتەوە، بێ ئەوەی خۆی بەدەستەوە بدا. ئێستا تێگەیشتم دەبێ بەسەر ئەم بڕیارەمدا بچمەوە. لێی گەڕێم تەنیا یەک چاوترووکان لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هەڵبوەشێتەوە، چاوترووکانێک کە دەبێ زۆر بە وردی هەڵیبژێرم. ناچار بووم درز بخەمە زرێی بەرییەوە. دەبێ لێ بگەڕێم تاسەیەکی تراژیدی گەورە لەژێرییەوە ترووسکە بدات.

دەبێ لێرە ئەوەیش بڵێم کە چەند جارێکی تر بە گوێگرتن لە دەنگی گۆرانیبێژەکە سروشی یەکلاکەرەوەم بۆ هاتووە. مەبەستی سەرەکیم لە وشەکان نییە کە دەگوترێن، بەڵکە زێتر لە گۆرانییەکەیە. وەک دەزانین دەنگی مرۆڤ لە تواناییدایە بە گۆرانی هەست و ڕازی جودای یەکجار زۆر سەخت دەرببڕێ. لە ماوەی ساڵاندا دیدی دیاری نووسینم کاریگەریی بۆب دیلان، نینا سیمۆن، ئێمیلۆ هاریس، ڕەی چارلس، برووس سپرینگستێن، گیلیان وێلچ و هاوڕێ و هاوکارم ستاسی کێنت-یان لەسەر بووە. شتێک لە دەنگی ئەوان تێگەیشتووم و بە خۆمم گوتووە: "ئەها، وایە، ڕێک وایە. ئەمەیە دەبێ لەم دیمەنەدا دەری بخەم. شتێکە کە زۆر لێیەوە نزیکە." زۆرجار ئەمە هەستێکە ناتوانم بە وشە دەریببڕم، بەڵام وا لەناو دەنگی گۆرانیبێژەکەدا هەیە، ئیتر وا شتێکم دەست کەوتووە هەوڵی بۆ بدەم.

* * *

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٩دا، شاعیری ئەڵمانی کریستۆف هێوبنەر کە نوێنەری کۆمیتەی نێونەتەوەیی ئاوسویتش بوو، داوەتی کردم چەند ڕۆژێک سەردانی ئۆردووگای بەندکراوانی نازییەکان بکەم. لەسەر ڕێگەی نێوان یەکەم ئۆردووگای ئاوسویتش و -بیرکێناو-ی ئۆردووگای کوشتن، چەند کیلۆمەترێک دوور، لە بنکەی کۆبوونەوەی گەنجان لە ئاوسویتش [کەمپی گرتنی نازییەکان بووە لە پۆڵەندا لە دووەمین جەنگی جیهانیدا] مامەوە. ئەم شوێنانەیان پیشاندام و کۆبوونەوەیەکی نافەرمیم لەگەڵ سێ لە ڕزگاربوواندا کرد. هەستم کرد، هەر هیچ نەبێ وا لە ڕووی جوگرافییەوە هاتوومەتە نزیک بنکەی هێزە تاریکەکانی لەبەر سێبەریاندا نەوەی من گەورە بووە. دوای نیوەڕۆیەکی باراناوی بەرانبەر بە ژوورەکانی بە غاز خنکاندن ڕاوەستام - کە ئێستا زۆر سەیر پشتگوێ خراون و خزمەت نەکراون - کەلاوەن و پشتگوێ خراون دوای ئەوەی ئەڵمانییەکان لە ترسی سوپای سوور تەقاندیانەوە و هەڵاتن.

ئەم کەلاوانە وا لێرە لەبەر ئاووهەوای سەختی پۆڵۆنیادان و هەر ساڵێک کە ڕەت بووە زێتر داڕماون. خانەخوێکەم باسی سەختییەکەی کرد، ئایا دەبوو ئەم وێرانانە بپارێزرێن؟ دەبوو گومەزی جامی پلێکسییان لەسەر دروست بکرایە بۆ ئەوەی بۆ نەوەی داهاتوو بمابانەوە؟ یان دەبوو لێیانگەڕێن بە شێوەیەکی سروشتی لەسەرخۆ وێران ببن و بڕووخێن. من پێم وا بوو ئەمە مێتافۆرێکی مانابەخشی کێشەیەکی گەورەترە، چۆن یادەوەریی وا بپارێزرێن؟ پاشماوەکانی ئەم بەدخوازی و ئازار و مەینەتییە گومەزی جام بیانکات بە کەلوپەلی

دەستەمۆکراوی موزەخانە؟ پێویستە چی هەڵبژێرین لە بیرمان بێ؟ کەی باشترە فەرامۆشی بکەین و بەردەوام بین؟

تەمەنم ٤٤ ساڵ بوو. تا ئەو کات پێم وا بوو جەنگی جیهانی و ترس و سەرکەوتنەکانی شتێک بوون هی نەوەی دایک و باوکم بوون، بەڵام کتوپڕ بیرم بۆ ئەوە چوو زۆر کەس کە لە نزیکەوە شاهێدی ئەو رووداوە گەورانە بوون، لە ماوەیەکی کەمدا لە ژیاندا نامێنن. ئەودەم چی ڕوو دەدا؟ گوشاری هاتنەوە بیر دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی خۆم؟. ئێمە لە ساڵانی جەنگدا نەژیابووین، بەڵام بەلانی کەمەوە لەگەڵ دایک و باوکانێک گەورە بووبووین، ژیانیان ئاسەواری لەبیرنەکراوی ئەو ساڵانەیان بەسەرەوە بوو. ئایا ئێستا من وەک نووسەرێکی دانپێدانراو هیچ ئەرکێکم هەیە کە تا ئێستا هەستم پێ نەکردبێ؟ ئەرکێک تا بۆم بکرێ ئەو یادەوەری و ئەزموونانەی نەوەی دایک و باوکم بگەیەنمە ئەو نەوانەی لەدوای ئێمەوە دێن؟

هەر زوو دوای ئەمە، لە تۆکیۆ لە بەرانبەر جەماوەرێک قسەم کرد و وەک باویشە پرسیارکەرێک پرسی کاری داهاتووم چی دەبێ. پرسیارکەر زۆر روونتر ئاماژەی بەوە دا کە کتێبەکانی من بەزۆری باسی تاکەکەسیان کردووە، کە سەردەمێک لە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ژیاون، پاشان کە ئاوڕیان لە ژیانی خۆیان داوەتەوە تێکۆشاون بۆ ئەوەی یادەوەرییە تاریک و خەجاڵەتییەکانیان پاک بکەنەوە. ژنە پرسیارکەرەکە ویستی بزانێ، کتێبەکانی داهاتوویشم لەبارەی کێشەی واوە دەبن؟

وەڵامێکی کتوپڕم دایەوە. گوتم بەڵێ، زۆرجار لەبارەی تاکەکەسم نووسیوە کە لەنێوان فەرامۆشکردن و هاتنەوەبیردا کۆششی کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەی دەمەوێ لە دواڕۆژدا بیکەم، ئەوەیە ڕۆمانێک لەبارەی نەتەوە، یان کۆمەڵگەیەکەوە بنووسم، چۆن ناچار کرا تووشی کێشەی وا ببێ؟ ئایا نەتەوەیەک بە هەمان شێوەی تاکەکەسێک دەتوانێت فەرامۆش بکا، یان لە بیری بێت؟ یان جیاوازی گرنگ هەیە؟ چۆن وەسفی یادەوەری نەتەوەیەک دەکەیت؟ لەکوێن؟ چۆن دروست دەکرێن و چاودێری دەکرێن؟ هیچ کاتێکی وا هەیە تێیدا فەرامۆشی تاکە شێواز بێت کە کۆتایی بە سەردەمی توندوتیژی بهێنێت، یان ڕێگر بێ لە کۆمەڵگەیەک کە لە شەڕ و پشێویدا هەڵبوەشێتەوە؟ لە لایەکی ترەوە، ئایا دەکرێ نەتەوەی سەقامگیر و ئازاد لە پاشماوەی فەرامۆشی بە مەبەست و دادپەروەری بێ هیوا دروست بکرێ؟ گوێم لە خۆم بوو بە پرسیارکەرەکە بڵێم کە من دەمەوێ شێوازێک بدۆزمەوە لەبارەی شتی واوە بنووسم، بەڵام بەداخەوە ئێستا نازانم ئەمە چۆن دەکرێ.

* * *

ئێوارەیەکی سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ من و لۆرنا بە ڤیدیۆ فیلمی (سەدەی بیستەم)ی (هاوەرد هاوکس)مان دەبینی کە ساڵی ١٩٣٤ بڵاو کرابووەوە؛ لە باکووری لەندەن لە ژووری دانیشتنی خامۆشکراوی خانووەکەمان کە ئەو دەم تێیدا دەژیان، دانیشتبووین. زوو بۆمان دەرکەوت ناوی فیلمەکە ئاماژەی نەدەکرد بەو سەدەیەی تازە بە جێمان هێشتبوو، بەڵکو ئاماژە بوو بۆ شەمەندەفەرێکی بەناوبانگی لوکس کە ئەو سەردەم لەنێوان نیویۆرک و شیکاگۆدا دەهات و دەچوو. وەک کە بە دڵنیاییەوە هەندێک لە ئێوە دەزانن فیلمەکە کۆمیدییە و بەشی زۆری لەناو شەمەندەفەرەکەدا ڕوو دەدا و لەبارەی بەرهەمهێنەرێکی - برۆدوەی- ـە، کە زۆر بە پەرۆشەوە هەوڵ دەدا ڕێگە لە خانمە ئەکتەرە سەرەکییەکەی بگرێ بچێتە هۆلیوود و ببێتە ئەستێرەی سینەما. لە فیلمەکە (جۆن باریمۆر)ی باشترین ئەکتەری سەردەمەکەی ڕۆڵ دەبینێ، کە لێرەدا کارێکی کۆمیدی گەورە دەکات. دەربڕین و جووڵەی ڕوخساری، بەڵێ، نزیکەی هەموو قسەکانی ئەو دەیکات تەوساوی، دژگۆیی و زۆر نائاسایی پیاوێکن، کە لەناو خۆویستی و خۆنواندندا نقووم دەبێ. لە زۆر ڕووەوە نمایشێکی پڕشنگدارە. سەرەتا سەرسامی کردم، بەڵام تا وردە وردە فیلمەکە دەڕۆیی، زۆر سەیر کەمتر سەرنجم بۆی دەچوو. باریمۆرم خۆش دەویست و شەیدایەکی گەورەی فیلمەکانی ئەو سەردەمی (هاوەرد هاوکس)یش بووم - بۆ نموونە فیلمی (کچەکەی ڕۆژانی هەینی فریشتەیە و باڵی هەیە)، بەڵام کە نزیکەی سەعاتێک فیلمەکەمان بینی، بیرێکم بۆ هات، کە هەم سروشتی و هەم سەرسوڕهێنەر بوو. هۆی ئەوەی کە زۆرجار حەزم لە کەسی چالاک و تەواو باوەڕپێکراوی ناو ڕۆمان، فیلم و شانۆگەری نەبووە، هەر ڕێک و ڕەوان لەبەر ئەوە بووە نەیانتوانیوە لە

ڕوویەکی مرۆڤایەتی سەرنجڕاکێشەوە خۆیان بە کەسەکانی ترەوە ببەستنەوە. ئەو دەم یەکسەریش بیرێکی تر لەبارەی کاری خۆمەوەم بۆ هات: بیر بکەرەوە ئەگەر ئیتر لە خەمی کەسەکانی ناو ڕۆمان نەبم و لەبری ئەوە دیقەت بدەمە سەر پێوەندییەکان؟

هاوکات شەمەندەفەرەکە بە تەقەتەق زێتر بەرەو باشوور دەڕۆیشت و جۆن باریمۆریش زێتر هیستریا دەیگرت، من بیرم لە جیاوازییە بەناوبانگەکەی (ئێ. م. فۆرستەر) لەنێوان مرۆڤی سێ ڕەهەندی و دوو ڕەهەندی دەکردەوە. کەسێک لە ڕۆمانێکدا بە هێزی ئەوەی کە (بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو دەمانحەپەسێنی) دەبێتە سێ ڕەهەندی. بەم شێوەیە بوو کەسەکە "کامڵ" بوو، بیرم کردەوە، چی ڕوو دەدا ئەگەر کەسێک سێ ڕەهەندی بێت، بەڵام کەس لە هاودەمەکانی ئەودا وا نەبن؟ فۆرستەر لە شوێنێکی تری هەمان زنجیرە کۆڕدا وێنەیەکی کۆمیدی بە کار هێنا، کە ئەو ڕووداوەکانی ڕۆمانێکی وەک کرمێکێ پێچخواردوو، بە مووکێش گرتبوو و لەبەر تیشکی چرادا لێی کۆڵیبووە. دەبێ نەتوانم مەشقێکی وا و ئەو هەموو پێوەندییانەی ناو ڕۆمانێک کە یەکدی دەبڕن لەبەر تیشکدا ڕابگرم؟ دەبێ بتوانم ئەمە لە کاری خۆمدا بکەم - ئەو ڕۆمانانەی نووسیومن و ئەوانەی پلانم داناوە بیاننووسم؟ بۆ نموونە دەتوانم زۆر بە وردی سەرنجی پێوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی بدەم. ئەمە هیچ حیکمەتێک و شتێکی نوێی تێدایە؟ یان کە سەرنجی لێ دەدەم دەبێتە یەک شێوەی بێزارکەر، ڕێک وەک ئەوانەی بە سەتان لەناو ڕۆمانی لاوازدا دەدۆزرێنەوە؟ یان پێوەندی نێوان دوو هاوڕێی نەیاری یەکدی وەربگرە: ئایا وزەبەخشە؟ زرینگەیەکی سۆزی هەیە؟ گەشە دەکات؟ بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو سەرسوڕمان دەبێ؟ ئایا سێ ڕەهەندییە؟ لەناکاو باشتر تێگەیشتم بۆ جاران دیدی جودای کارەکانم شکستیان دەهێنا، ئەگەرچی بە هەموو توانایییمەوە هەوڵی چارەم داوە، کە هاوکات بەردەوام سەرنجی جۆن باریمۆرم دەدا ئەو خەیاڵەم لە لا دروست بوو کە هەموو ڕۆمانێکی باش هەرچەندە ڕادیکاڵ، یان نەریتی بن، دەبێ پێوەندییان تێدا بێت کە بۆ ئێمە گرنگن و کارمان لێ دەکەن، دڵخۆشمان دەکەن، بێزارمان دەکەن و دەمانحەپەسێنن. ئەگەر زێتر گوێ لە پێوەندی بگرم ڕەنگە لە دواڕۆژدا کەسەکانی ڕۆمانەکانم ئاگایان لێم بێت.

کاتێک ئەمە دەڵێم بیرم بۆ ئەوە دەچێ ڕەنگە جەخت لەسەر شتێک بکەم کە هەمیشە بۆ ئێوە ڕوون بووە، بەڵام تاکە شتێ دەتوانم بیڵێم، ئەوەیە ئەمە تەنیا بیرێک بوو کە درەنگ لە ژیانمدا وەک نووسەر بۆم هات، ئێستایش ئەمە بەراوردە لەگەڵ ئەوانی تر کە ئەمڕۆ بۆ ئێوەم باس کردن وەک خاڵێکی وەرچەرخان دەبینم. لەو ڕۆژەوە دەستم کردووە بە شێوەیەکی جودا ڕۆمانەکانم دابڕێژم. بۆ نموونە کە ڕۆمانی (قەت مەهێڵە بڕۆم)م نووسی هەر لە سەرەتاوە بیرم لە پێوەندی سەرەکی نێوان سێ کەس کردەوە کە پاشان لەوەوە پێوەندییەکانی تر ڕووناک بکاتەوە.

* * *

وەهایە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی کاری نووسەرێکدا - ڕەنگە لە زۆر جۆری جودای تری کاریشدا وا بێ. زۆرجار مەسەلەکە چرکەساتی هەست پێ نەکراوی کورتە. بریسکی پەیامی بێ دەنگ و کەسێتی دەدەن. زوو زوو نایەن، بەڵام کە دێن، بەزۆری بێ گرموهۆڕن، بێ ئەوەی مامۆستاکان، یان هاوکارەکان بیسەلمێنن. بەزۆری لەسەر سەرنجدان، دەبێ ڕکابەریی لەگەڵ دەنگە گەورەکان و مەرجە گرنگەکاندا بکەن. ئەوەی ئاشکرا دەبێ هەندێ جار پێچەوانەی حیکمەتەکە دەبێ، بەڵام کاتێک چرکەساتی وا ڕوو دەدا گرنگە بیانناسینەوە، هەڵوێستیان چییە، ئەگەرنا لە دەست دەکەون.

لێرەدا جەختم لەسەر وردنووسی و هی تایبەتی خۆم کردووە، چونکە لە بنەچەدا کاری من باسی ئەوە دەکات. کەسێک کە لە ژوورێکی بێ دەنگ دەنووسێ و هەوڵ دەدا پێوەندی لەگەڵ کەسێکی تردا دروست بکا، کە لە ژوورێکی تری بێ دەنگ، یان کەمێک بێ دەنگدا دەخوێنێتەوە. چیرۆک دەتوانێ خۆشی ببەخشێ، هەندێ جار فێر بکا، یان دیدێک پیشان بدا، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کە هەست دەگەیەنێ. کە ئاماژە بەوە دەکەن ئێمەی بوونەوەری ئینسانی لەودیوی سنوورەکان و هێڵی جیاکەرەوەی نێوانماندا لێیان هاوبەشین. پیشەسازی گەورەی بە باقوبریق لەسەر بەسەرهاتان هەیە، پێشەسازی کتێب، پیشەسازی فیلم، پیشەسازی

تەلەڤزیۆن، پیشەسازی شانۆ، بەڵام لە ناوەڕۆکدا چیرۆکەکان لەبارەی کەسێکەوەن کە بە کەسێکی تر دەڵێ: من وا هەست دەکەم. تێدەگەیت چی دەڵێم؟ تۆیش وا هەست دەکەیت؟

* * *

ئیتر دێینە سەر ئێستا. ماوەیەک لەمەوبەر بەو تێگەیشتنە لە خەو بێدار بوومەوە کە چەند ساڵێک لە خەیاڵدا ژیاوم! خۆم لاداوە سەرنجی گرژی و نائارامی زۆر خەڵکی دەوروبەرم بدەم. پێم وا بوو جیهانی من – جیهانێکی شارستانییە، شوێنێکی وزەبەخشی پڕ لە مرۆڤی گاڵتەچی و ئازادە – ڕاستییەکەی لەوە بچووکتر بوو من ڕۆژێک لە ڕۆژان مەزەندەم کردبێ. ساڵی ٢٠١٦، ساڵێک بوو بە ڕووداوی – بۆ من خەمبەخش– سەرسوڕهێنەری سیاسی لە ئەوروپا و ئەمریکادا، بە کردەوەی تیرۆری قێزەوەن لە هەموو جیهاندا، ناچاری کردم ددان بنێم کە ئەو پێشکەوتنانەی کە وا پێدەچوون مەحاڵ بن لەناو بەهای لیبراڵ– هیومانستیکی ڕێگەیان لێ بگیرێت، کە من هەر لە منداڵییەوە بەلامەوە شتێکی ئاسایی بوو، ڕەنگە تەواو خەیاڵ بووبێت.

من سەر بە نەوەیەکی مەیلداری گەشبینیم، جا بۆ نا؟ پێشڕەوەکانی خۆمانمان بینین سەرکەوتووانە ئەوروپا لە شوێنێکی بە ڕژێمی دیکاتۆرەوە، بە کۆمەڵکوژی و لە ڕووی مێژووییشەوە خوێنڕێژیی بێ وێنەوە، بکەن بە ناوچەیەکی خۆشگوزەرانی دیموکراتی لیبراڵ کە لە هاوڕێیەتییەکی بێ سنووردا دەژی. بینیمان ئیمپراتۆرە کۆلۆنیالەکان لەگەڵ هەموو ئەو هەلومەرجانەی ئەوانی دروست کردبوو بە یەکەوە لە هەموو جیهاندا بڕووخێن. پێشکەوتنی گرنگمان لە فێمینیزم، مافی هاوڕەگەزبازی و شەڕەکانی بەرەی جودا دژی ڕەگەزپەرستی بینی. ئێمە بە پاشخانی کێشە گەورەکانی – ئایدیۆلۆژی و سەربازی– نێوان کەپیتالیزم و کۆمۆنیزم گەورە بووین و شاهێدی بووین و زۆرمان پێمان وا بوو کۆتاییەکی خۆش بوو.

بەڵام کە ئێستا ئاوڕ لە دواوە دەدەینەوە، کاتی دوای رووخانی شوورەی بەرلین وەک سەردەمێکی خۆش و دەرفەتی لەدەستچوو دەردەکەوێ. ڕێگە دراوە ناهاوسەنگییەکی زۆر گەورە – هی سامان و دەرفەت – لەنێوان نەتەوەکان و لەناو نەتەوەکانیشدا دروست ببێت، بەتایبەت ئەو داگیرکردنە کارەساتاوییەی ئێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا و ئەو ماوە دوورودرێژەی پاشەکەوتی لە ئەنجامی ئەو هەرەسە ئابوورییە ئابڕووبەرەی ساڵی ٢٠٠٨ کە مرۆڤی ئاسایی پێی ناچار کرا، ئەمانە ئێمەیان خستۆتە دۆخێکەوە تێیدا هێزی کۆنسێرڤەتیڤی پەڕگیر و تەوژمی نەتەوەیی گەشە دەکات. ڕەگەزپەرستی لە فۆرمە نەریتییەکانی و مۆدێرنە جوداکانی ڕوو لە خەڵکدا، لە هەستانەوەدایە و لەژێر شەقامە شارستانییەکانماندا وەک دەعبایەکی لەگۆڕنراو بێدار دەبێتەوە. وا پێدەچی لەم کاتەی ئێستاماندا میتودی پێشکەوتوومان بۆ یەکگرتن نەبێ. لەبریدا تەنانەت لە وڵاتە دەوڵەمەندە ڕۆژئاواییە دیموکراتەکانیشدا بەسەر بەرەی نەیاردا دابەش دەبین، لەوێ زۆر بە سەختی لەسەر دەستەڵات و سامان ڕکابەری یەکدی دەکەین.

لەو سووچەشدا – یان سووچەکەمان تەخت کردووە؟– ڕکابەری هەیە، کە لە بواری زانست و تەکنۆلۆژی دەرماندا سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەر بەدەست دێنی. تەکنۆلۆژیای نوێی جیندۆزینەوە – بۆ نموونە جینگۆڕین بە هۆی CRISPR -و پێشکەوتن لە بواری عەقڵی دەستکرد و تەکنیکی ڕۆبۆت، سوودی سەرسوڕهێنەرمان پێ دەبەخشێ لە ڕزگارکردنی ژیان، بەڵام دەکرێ ترسی ئەوەیشی هەبێ کە لەناو دەستەبژێری لێزانی ئێستادا، کۆمەڵگەی دەستەبژێری زاڵم دروست بکا، کە لە ڕەگەزپەرستی و بێکاری بە کۆمەڵ دەچێت.

ئیتر وا ئێستا لێرە ڕاوەستاوم، پیاوێکی شەست ساڵی و چاوەکانم هەڵدەکلۆفم و هەوڵ دەدەم لە دەرەوە لەناو تەمدا هێڵەکانی ئەم جیهانە جودا بکەمەوە، کە تا دوێنێش مەزەندەم نەکردبوو هەیە. منی نووسەرێکی ماندووی نەوەیەکی ڕۆناکبیری ماندوو، ئایا ئێستا بڕم لە بەرە سەرنجی ئەم شوێنە نەناسراوە بدەم؟ هیچ شتێکم ماوە یارمەتیدەرم بێت ڕوانگە دابین بکەم، بەرانبەر بەم ئارگومێنتانە، بەرانبەر بەم شەڕ و جەنگانەی کە ڕوو دەدەن، کاتێک کۆمەڵگەکان تێدەکۆشن بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکاری گەورەدا ڕەهەندی هەستی بدەم؟

دەبێ بەردەوام ببم و تا بۆم بکرێ بیکەم، چونکە

ئێستـایش بڕوام وایە کـە ئەدەب گـرنگە و گـرنگتـریش دەبێ کـاتێـک بەناو ئەو دەشتـودەرە سـەختـەدا دەڕۆین، بەڵام هیـواخـوازی ئەوەم کە نەوەکانی نوێ سـروشبـەخش بن و ڕێگەمـان پیشـان بدەن، ئەمـە سـەردەمی ئەوانە و ئەو زانیاری و غەریزە پێویستەشیان دەبێ کە من نیمە. ئەمـڕۆ لە جیـهـانی کـتـێب، فـیـلم، تەلەڤـزیۆن و شـانۆدا بەهرەی جددی سەرنجڕاکێش دەبینم: ژن و پیـاوی تەمەن سی - چل ساڵی و بیست ساڵی، ئیتر من گەشبینم، بۆ وا نەبم؟

بەڵام لێم گـەڕێ با بە تکایەک کـۆتایی پێ بـهـێـنم - تکای خـەڵاتی نوبێلم، ئەگـەر واتان دەوێ! سـەخـتـە جیـهـانێکی تەواو ڕاست بکەیتـەوە، بەڵام با بـەلانی کـەمـەوە بیـر لەوە بکەینەوە چۆن دەتوانین کـار لەسـەر گۆشـەی خۆمان لەم جیـهـانەدا، ئەم گۆشـەیەی "ئەدەب" بکەینەوە، تێـیـدا دەخـوێنینەوە، دەنووسین، بڵاو دەکەینەوە، پێشنیـاز دەکەین، ڕەخنە دەگـرین و کـتـێب خـەڵات دەکـەین. ئەگـەر ڕۆڵێکی گـرنـگ لەم دواڕۆژە نادڵنیـایە ببـینین، ئەگـەر بتـوانین نووسـەرە باشـەکـانی ئەمـڕۆ و سـبـەی دروست بکەین، پێم وایە دەبێ زێتـر خـۆمـان فـرەڕەهەند بکەین، مـەبەسـتم ئەوەیە لە دوو ڕووەوە ئەمە بکەین.

یەکەمیان ئێمە دەبێ جیهانی ئەدەبیمان فراوان بکەین بۆ ئەوەی زۆر دەنگی تری دەرەوەی ئەو نـاوچە ئـارامـە بگرێتـە خـۆیەوە، کـە تێـیـدا دەسـتـەبژێری کـولتـووری جیهانیمـان باڵادەستە. دەبێ زێتر بە هێز و توانستەوە بگەڕێین بۆ ئەوەی بەردەپیـرۆزەکـانی کـە لە ئەمـڕۆی کولتووری ئەدەبی نەناسراون، بدۆزینەوە، ئەوجا ئەگەر نووسـەرەکـان لە وڵاتە دوورەکـان بژین، یان لە کۆمەڵگەکانی خۆماندا. دووەمیان دەبێ زۆر بە دیقەت بین لەوەی بە لاوازی، یان بە کـۆنەپارێزی پێناسـەی پێکهـاتەی ئەدەبی باش نەکەین. نەوەی داهاتوو هەمـوو شێوازێکی تازە و هەندێ جاریش سەرسوڕهێنەر پیشـان دەدەن کە شتی گرنگ و چیرۆکی دڵگیری پێ بگێڕنەوە. دەبێ هەستەکانمانیان بۆ واڵا بکەین، بەتایبەت لە ڕووی ژانر و فۆرمەوە، تا بتوانین هانیـان بدەین و باشەکانیـان بهێنینە پێشـەوە. لە سـەردەمی فـراوانبـوونی کـێشـە و ناکۆکیـیە ترسناکەکاندا دەبێ گوێ بگرین. نووسەرایەتی باش و خـوێندنەوەی باش شـوورەکـان دەڕووخـێنن، تەنانەت ڕەنگە ئایدیای نوێ و خـەونی مـرۆیانەی تازە بدۆزینەوە کە بتوانین بەدەوریانەوە کۆ ببینەوە.

بۆ ئەکادیمیای سوێدی، دامەزراوەی نوبێل و بۆ میللەتی سوێد کە بە درێژایی ساڵان خەڵاتی نوبێلیان کـردووە بە سیمبۆلێکی گەشاوەی ئەو باشییەی ئێمەی مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدەین، سپاسی خۆم دەگەیەنم.

**لە ئینگلیزییەوە بۆ سوێدی: پرووس - ماری نیلسێن**

**NOBELSTIFTELSEN 2017**

**سەرچاوە:**

**http://www.svenskaakademien.se/nobelpriset**